# دەسەڵاتدارانی کورد لەسەر بنەمای شەرعییەت دەستوور دادەنێن؟!!!!

**تاڤگە سابیر**

دەسەڵات وەکو چەمک و مانا بریتییە لەتوانای سەپاندنی ویستێک بەسەر ویستێکی تردا و ئەو هێزە سروشتییە یا مافە شەرعی و ناشەرعییەیە لەڕەفیار و دەکردنی بڕیارو لەنێو کۆمەڵێکداو بەسەر کۆمەڵدا، دەسەڵات وەکو دیاردەیەک لە نێو سەرجەم کۆمەڵگا بوونی هەیە. دەسەڵات لەسەردەمی کۆن و ناوەڕاسدا ، وتوێژی زۆر گەرەک نییە، چونکە دیاروبەرچاوە لە زۆربەی زۆری کاتەکاندا بەڕهایی لەدەست فەرمانڕەوا دابووە، جا ئەم فەرمانڕەوایە یا پاشا یا میر یا پیاوی ئایینی و ملکەچکردنیش لە ئاست دەسەڵاتدا.لەسیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر یەکێکیشیان پاڵپشتی جۆرە ڕێکخستنێک و دەسەڵاتێکن بنەماکانی شەرعییەت نەنووسراون، بۆیە بە شێوەی جیاواز ڕاڤە دەکرێن، بەڵام بەهەرحاڵ لەسەرووی یاسا دانراوەکاندان، ئەو هێزە سیاسییە جیاوازەکان تێیداتوانیان بگەنە دەستنیشانکردنی بنەما گشتییەکانی شەرعییەتی سیستەمی سیاسی، لەهەمان کاتیشدا توانیان ئەو شەرعییەتە بگۆڕن بۆ شەرعییەتی یاسایی و بۆ سەردەمانێکی زۆریش جێگیری و ئاسایش بۆ دەزگاکانی خۆیان دابین بکەن. بەڵام ئەمرۆ لە کوردستان دەسەڵاتدارانی کورد تائێستاش هێزە سیاسییەکانی سەبارەت بەبنەماکانی شەرعییەت ڕێک نەکەوتوون، ئەوە بێگومان لەپێناو بونیادنانی سیستەمی سیاسی جیاوازدا بەردەوام دووچاری ململانێ و ناکۆکی دەبێتەوە، شەرعییەت لەناوەرۆکدا دیاردەیەکی سیاسییە ، نەوەکو یاسایی، لەسایەی دەسەڵاتیشەوە ڕێکدە خرێت و دادەڕێژرێت لەبەر ئەوەی لەخزمەتی ئەو دەسەڵاتە دایە، دەست بەسەرداگرتن و زەوتکردنی دەسەڵات بەزەبری هێزو سەپاندنی سیستەمی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا. دەسەڵاتی شەرعییەت خۆی بەسەر سەرجەم دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا بکێشێت، بۆیە هیچ شەرعییەتێک بوونی نییە تەنها شەرعییەتی یاسای دانراو نەبێت ، دوو توخمیش لەخۆیەوە دەگرێت ئەوەتا حکومەت بەناوی یاسا ڕەفتارو هەڵس و کەوت بکات یا ئەوەتا کۆمەڵگا بەپێی یاساو سنوورە دیاریکراوەکانی یاساڕەفتار بکەن. کاتێک دەڵێین دەسەڵات یا حکومەت بەپێی یاسا ڕەفتار بکات ئەوە شەرعییەت مسۆگەر دەکات، ئاڵوزو تێکەڵاو دێتە بەرچاو ، چونکە روون و ئاشکرایە خودی دەسەڵات بۆ خۆی لەسایەی دامودەزگا حکومییەکاندا یاسا دروست دەکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات، بۆیە ئەوەی یاسا دروست دەکات دەتوانێت ڕەشی بکاتەوە، بەم مانایەش هەموو سیستەمی سیاسی تەنانەت، سیستەمێکی سەرکوتکەریش کەنامەشروعە، دەتوانێت شەرعییەت بۆخۆی دروست بکات. دەسەڵاتداران کورد لەنێو سیستەمی دەستووریدا وەکو فرمان و وەزیفەیەک دەسەڵات دەگرنە دەست ، نەوەکو لەیاسایەی سیفاتی تایبەتی و کەسایەتی خۆیان، بۆیە کەس بۆی نییە بانگەشەی دەسەڵات بکات، لەبەر ئەوەی دەستوور ئەو مەرجانە دیاری دەکات کە دەبێت کەس دەسەڵاتدار تێیدا بێت و لەهەمان کاتیشدا شەرعییەتییان دیاری دەکات خودی دەستوور وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە دەڵێت دەسەڵاتداران لەکوێوە دەسەڵات وەردەگرن و سروشت و مەرج و ئامانج و سنووریشی پێویستی بەوەڵامی یاسایی هەیە،لەبەرئەوەی بنەچەی دەسەڵاتی شەرعییانەی دەسەڵاتداران لە دەستوورییەتی دەستنیشانکرنیان دایە. دەستوور بنچینەی مافی حوکمکردن ڕوون دەکاتەوە، بەم پێیەش حوکم دەبێتە لێپرسراوێتی ، نەوەکو بێت بەکۆمەڵێک درابێت، کۆمەڵێک تواناو تایبەتمەندییە پەیوەستە بەشوێنی دەسەڵات، نەوەکو ویستی ڕەهای کەسانێک بێت بە ئارەزووی خۆیان فرمان و بڕیار دەربکەن ، چونکە کارەکانی دەسەڵات تەنها ئەوکات شەرعییەت بەدەست دێنێت کەلەچوارچێوەی دەستوور دابێت ، لێرەدا دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کەناکرێت دەستوور بەشێوەیێکی شێوەیی ڕاڤە بکرێت ، لەبری ڕاڤە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و سیاسی دەسەڵات، ڕاستە بنەماکانی دەستوور شوێن و دەسەڵاتی دەسەڵاتداران دیاری دەکات. پێویستە بەهەموو ڕێکخستنێکی دامەزراوەیی و دامودەزگایی، نێو پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیشدا، کەلەنێوان تاک و کۆمەڵ وتاقمەکان دێتە بوون، ئەنجامی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتە لە نێو کۆمەڵگا ، بەڵام ئاخۆ هەموو دەسەڵاتێک لەئەنجامدا دەسەڵاتێکی سیاسییە؟ یاخود دەسەڵاتی سیاسی یەکێکە لە

دەسەڵاتەکان؟ ئایا ناوەرۆکی دەسەڵات هەریەک ناوەرۆکە سەرەڕای هەمەچەشنی شێوەو فرمانەکانی؟ پێوەندی دەسەڵات بەبونیادی کۆمەڵایەتییەوە چییە؟ ئەی پێوەندی بونیادی کۆمەڵایەتی بەسیستەمی سیاسییەوە چییە؟ ئایا دەسەڵات مۆڵک و مافی کەسێکی دیاریکراوە؟ یا جۆرە پێوەندییەکی دەستنیشانکراوە لەنێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگادا؟ ئەگەر وایە سروشتی ئەم پێوەندییە چۆنە؟ ئامرازەکانی دەستی دەسەڵات چیە؟ سروشتی پێوەندی بونیادنراون نێوان دەسەڵاتدارو دەسەڵات بەسەر سەپێنراودا چییە؟

سوێد 2007